# مەولەوی

## شاعیری ئازار و خەمە

لێکۆڵینەوە



حەمەکەریم هەورامی

٢٠١٣-٢٧١٣ هەولێر

دیاری ئەکادیمیای کوردی

کتێبخانەی
محەمەد عەلی قەرەداغی
مێژوو:

# مەولەوی

## شاعیری ئازار و خەمە

# مەولەوی

## شاعیری ئازار و خەمە

لێکۆڵینەوە

حەمەکەریم هەورامی

هەولێر ٢٧١٣-٢٠١٣

* ناوی کتێب: مەولەوی  شاعیری ئازار و خەمە.
* نووسەر: حەمەکەریم هەورامی.
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسین.
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٤٩).
* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
* تیراژ: ٥٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٢٦٩٥)ی ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە.

## چەند وتەیەك لە جیاتی پێشەكی:

• من بەرەو كۆتایی تەمەن هەنگاو دەنێم، هەست بە قورسایی باری ڕۆژگاری ڕابردووی خۆم دەكەم، خۆم بەم خامەی ناو دەستمەوە پتر لە شەست ساڵە ڕێبواری ڕێگەی ئەم ڕاستە هێڵانەی بان ئەم قاقەزەی بەر دەممانین، هەردەڕۆینو هەر ناگەینە كۆتایی، واش هەست دەكەم لە شوێن خۆمدا نەجووڵاوم، یەك دێرم نەنووسیوە، نە دێڕەكە كۆتایی دێ، نە منو خامەكەم تەژەنەی نووسینمان دەشكێ، دیارە ئەوەی خەریكی نووسین بێ ئارەزووی نووسینی هەرگیز تەسەل نابێ، هەر ئەو ئارەزووە بوو دەستبەردارم نەبوو تا خستمیە ناو دەریای شیعرەكانی مەولەوییەوە.

• ساڵی (٢٠١٠) بوو، دوای لێ بوونەوە لە نووسینی (زانستی كەلام) هەستم بە شەكەتیو ماندووبوون دەكرد، ئاگام لە خۆم نەمابوو لەژێر باری ڕۆژگارداو خۆشی نووسیندا لەشم هێزوتاقەتی تیا نەمابوو، بۆیە لەبەر خۆمەوە بڕیارم وا بە خۆم دا كە ئیدی واز لە نووسینێك بێنم لە ئاست تاقەتمدا نەبێ، واشم نیازبوو كە ئەگەر توانام هاتەوە سەرخۆم لە نووسینەوەی ئەو یادەوەریانەدا بەكاری بێنم كە لەگەڵیاندا ژیاوم كاریان لەسەرم كردووەو لە كۆڵم نابنەوەو هەندێكیشیان پێوەندییان بە گوندەكەمەوە هەیە.

• لە زووەوە خووم پێوەگرتبوو لەكاتی ماندوو بوونو پشوودانمدا سۆزم بە بەیتە شیعرەكانی مەولەوییەوە دەكرد، بەو سۆزكردنە باری دەروونی لارە سەنگم ڕاست دەبووەوە، لە سایەیدا هەستم بە ئاوەدان بوونەوەو پاكژ بوونەوەی تۆزو گەردی ناوەوەی خۆم دەكردو دڵم ڕەحەت دەبوو، بۆیە هەمیشە شیعرەكانی مەولەوی ببوونە وێردی سەرزمانم.

• ( دكتۆر جەبار ئەحمەد حوسێن) مامۆستای زمانی كوردی لە كۆلێژی زمانی زانكۆی سەلاحەدین، كە زانی من شەیدای شیعرەكانی مەولەویم، بەوا بۆی دەركەوت جارێكیان داوای لێ كردم كۆڕێك لەبارەی شیعرەكانی مەولەوی لە كۆلیژی زماندا بۆ خوێندكارانی بەشی كوردی بگێڕم، كەهەستی كرد بە كوڵ شیعرەكان دەخوێنمەوەو لەسەریان دەدوێم، دوای ئەوە هەرجار كە یەكتریمان دەبینی داوای لێ دەكردم ئەو بیرو بۆ چوونانەی كە لەبارەی مەولەوییەوە هەمە

بیانووسمەوەو بیانکەم بە کتێبێکو بڵاویان بکەمەوە، ناوبراو بە گەرمی بۆ ئەوکارە هانی دەدامو دەیووت هەر جۆر بووە ئەو کارە بکە،ئەو هەڵنانەی ئەوە بوو بە ماخۆلانێك، خستمیە سەر ئەو بیرە کە بەخۆم بڵێم: خۆ تاقیکردنەوە لەو بوارەدا کارێکی ئاسان نییە، کوا من ئەو هێزەم تیا ماوە، تۆ بڵێی من ئەوەندە هێزم تیا مابێ کاری وەهای پێی ئەنجام بدەم؟ ڕۆژ بەڕۆژ ئەو ماخۆلانە دەبووە شەوقێکی پاڵنەر، هێزی بەبەرمدا دەهێنایەوەو پەلەی دەس بەکاربوونی لێ دەکردم، کە دەسم دایەکار بەتەمای ئەوە نەبووم تەمەن تاکۆتایی دەرفەتم بدا بگەمە هەوار، هەر بابەتێکم دەنووسی جێی هەنگاونانی پاش خۆی بۆم ڕووناك دەرکردەوە، هێزی نووسینم تازە دەبووەوە، هەستم بەبار سووکییەك دەکرد، هەر ڕستەیەکم دەنووسی وام دەزانی ئەوە یەکەم ڕستەیە کەلەژیانمدا دەینووسم، دەرگای ئارەزووەکانم کرانەوە، بابەتەکان خۆیان ڕووناکییان دەهێناو داتاکانی ناو هۆشمیان ختووکە دەداو دەیبزواندن.

- ئەوەی من لەم کارەمدا کردوومە لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکیانەی لایەنێکی شیعرەکانی مەولەوییە، هەر شتێکم وتبێ سەرچاوەکەی ئەو شیعرانەی ناو دیوانەکەیەتی، ئەوەی کە کۆکراوەی مامۆستای پایەدار مەلا عەبدولکەریمی مودەڕسن، ئەوانم کردووە بە دەستەبەرو بەڵگە بۆ بۆچوونەکانم، لەمەدا مەبەستم ئەو نییە کە ئەگەر بەڵگەیەکی بە دەر لە شیعرانی مەولەویم دەست کەوتبێ ئاماژەم پێ نەدابێ. لە شرۆڤەو لێکدانەوەی شیعرەکانیشدا پشتم بە لێکدانەوەکانی مامۆستای ناوبراو بەستووە.
- ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەدایە، گوڵچنینی چەپکەیەکی ڕەنگینی ناو گوڵزارەکەی مەولەوییە، ئەو گوڵزارە ئەگەر چەندان چەپکە گوڵی دیکەی وەهای لێ وەربگیرێ کۆتایی نایێو شتی تری تیا دەمینێ، ئێمە دەرگای گەلێ پرسمان لە ڕووی شیعرەکانی مەولەویدا کردەوە هەوڵی وەرامدانەوەمان دان، ڕەنگە وەرامدانەوەکەمان پڕ بە پێست نەیانتوانیبێ کەلێن بڕیان بکات، لەوانەیشە لەڕوێکی دیکەوە پێویستیان بە لێتۆژینەوەی هەبێ.

**حەمەکەریم هەورامی**
**١٠-٤- ٢٠١٣ هەولێر**